گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا بەشێوازی هەرەوەزی لە بەدەستهێنانی مەعریفی قوتابیانی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی و گەشەپێدانی ئاراستە لە بابەتی مێژوودا

**ژیان اسماعیل سعید**

بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

zheanesmael88@gmail.com

**پ.د. حسین سعدی ابراهیم**

بەشی یاریە تاکەکان، کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

hussein.ibrahim@su.edu.krd

**پ.ی.د. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر**

بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

ahmad.ameen@su.edu.krd

## پوختە

ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا بە شێوازی هەرەوەزی بە یەکێك لە ستراتیژیەتە هاوچەرخەکان دەژمێردرێت کە گرنگی دەدات بە گۆڕینی شێوازی وانە وتنەوە لەناو پۆلدا.

توێژینەوەکە ئەم ئامانجانە لەخۆدەگرێت:

1. دیاریکردنی کاریگەری ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا بە شێوازی هەرەوەزی لە بەدەستهێنانی مەعریفی قوتابیانی یازدەیەمی وێژەیی لە مێژوودا.

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢١/١٢/٣

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١/٦

بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**

*Strstegy ,Effective Instruction,*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. دیاریکردنی کاریگەری ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا بە شێوازی هەرەوەزی لە گەشەپێدانی ئاراستەی قوتابیانی یازدەیەمی وێژەیی لە مێژوودا.

توێژەر دیزاینی ئەزموونی بۆ دوو کۆمەڵەی هاوسەنگ بەکارهێناوە،بەشێوەیەك کۆمەڵەی ئەزموونی بەپێی ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا بە شێوازی هەرەوەزی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بە شێوازی پەیڕەو کراو وانەیان پێگوتراوە.

دوو پێوەر بەکارهاتووە:

یەکەمیان:تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی مەعریفی لە (44) بڕگەی جۆراوجۆر پێکهاتووە لەشەش ئاستەکەی (بەبیرهاتنەوە ،تێگەیشتن،جێبەجێکردن،شیکردنەوە،ئاوێتەبوون،هەڵسەنگاندن).

دووەمیان: پێوەری گەشەپێدانی ئاراستە کە لە(40) بڕگە پێکهاتووە،توێژەر دروستی و جێگیری بۆ هەردوو پێوەرەکە دەرهێناو دەرکەوت گونجاوە بۆ بەکارهێنان.

لەدوای شیکردنەوەی داتاوزانیاریەکان بە بەرنامەی (SPPS–Version21)،توێژەر گەیشتە ئەم ئەنجامانە:

1. بوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە بەدەستهێنانی مەعریفی لە مێژوودا لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی.

2 . بوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە گەشەپێدانی ئاراستە لە مێژوو لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزمونی.

توێژەر گەیشتووە بەم دەرئەنجامانە:

1- بەکارهێنانی شێوازەکانی وانەوتنەوەی ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا بەشێوازی هەرەوەزی لە گەشەپێدانی ئاراستە بەرەو مێژوو ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە،و وا لە قوتابیان دەکات زیاتر کارابن و ببنە تەوەری سەرەکی وانەکە بەبەراورد بە ڕێگەی پەیرەوکراو.

*Cooperative style, Cognitive Achievement, Attitude, History*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.3.9

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- بەکارهێنانی ستراتیجیەتی فێرکردنی کارا بەشێوازی هەرەوەزی لە وانەگوتنەوەی مێژوودا بۆ قوتابیانی یازدەیەمی وێژەیی کاریگەری کاراو و بەرچاوی هەیە لە بەدەستهێنانی مەعریفی بەبەراورد بە ڕێگەی پەیڕەوکراو.

## 1: پێناسەی توێژینەوەکە

### 1-1 پێشەکی:

پەروەردە لە رابردوو و ئێستادا بە هەموو پێکهاتە و جۆرەکانی ئامانجی راهێنان و پێگەیاندنی نەوەیەکی کارامە و چالاکە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی زانستی و ئەقڵانی بەشداری لە چالاکییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بکات. کەواتە پەروەردە بریتییە لە پرۆسەیەکی سیستەماتیکی گشتگیرو مەبەستدار ئامانجی راهێنان و پەرەپێدانی تواناکانی تاکە لەرووی (جەستەیی، ئەقڵی، دەروونی، مەعریفی، رەفتاری،سۆزداری، کۆمەڵایەتی) بە پێی ئامانج و پلانی دیاریکراو، بۆ ئەوەی تاك لە کۆتاییدا سودی بۆ خۆی و کۆمەڵگەکەی هەبێت .( قادر، 2018، ل14) .

ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا لە ئاراستە هاوچەرخەکانی پەروەردەیە، بە شێوەیەکی کورتیش مەبەست لێی ئەو جۆرە وانەگوتنەوانەیە کە لە میانییەوە مامۆستا کۆشش بۆ ئەوە دەکات کرداری فێربوون لای قوتابیان واتادار بێت و زانیارییەکانیش بۆ درێژترین ماوە لایان بمێننەوە، قوتابیانیش لە رێگەی ئەم جۆرە وانەگوتنەوەیە، کارامەیە پێویستییەکانی کارو ژیان بەدەستبهێنن و فێر ببن. هەروەها لە میانی وانەگوتنەوەی کاراوە گەشەپێدانی ئاراستە ئەرێنییەکان و مەیل و ئارەزووەکان بەرەو کرداری فێربوون ئەنجام دەدرێن و گەشە دەکەن، هەڵبەتە وانەگوتنەوەی کارا پێویستیی بە مامۆستایەکی کاراو کاریگەریش هەیە کە لە کاتی وانەگوتنەوەدا خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندیی ئەوتۆ بێت، کە بتوانێت قوتابیانی فێر بکات ( امبو سعیدی و ئەوانی تر، 2019، ص22 ) .

یەکێك لە ئامانجەکانی ستراتیژییەکانی فێرکردنی کارا خوێندن و فێرکردنە، کە پشت بە بیرکردنەوە و هاوکاری ئاڵوگۆڕکراو لە نێوان تاکەکانی گروپەکان دەبەستێت و کار لەسەر پێشخستنی لێهاتووەکانی هاوبەندی دەکات. مامۆستا قوتابییانی پۆل بۆ چەند گروپێکی بچووك دابەش دەکات و پرسیارەکانیان ئاراستە دەکات، قوتابییان بیردەکەنەوە و بە رێککەوتن لەگەڵ یەکدا بەشداری وەڵامەکانیان دەکەن، ئەوەش دەرفەتێك بە قوتابی دەدات بۆ وەرگرتنی هیوا و بیرکردنەوە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەڕانەوە بۆ زانیارییەکانی ڕابردوویی خۆی، بەمەش پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە بە هاوبەشی و هاوکاری فکری هەوڵ دەدات بگاتە وەڵامەکان (زیتون، 2007، ص568 ).

فێربوون بەشێوازی هەرەوەزی ستراتیژیەتێکە لەسەر بنەمای دابەشکردنی قوتابییان بۆ گروپی لە یەك جیاواز لە ڕووی لێهاتوو بونیادنراوە بۆ ئەوەی لە یەکتر فێر ببن. بەسروشتی خۆی کارەکە ململانێ لە خۆی دەگرێت و دەبێتە هۆی سوودوەرگرتنی قوتابییان لە سەرچاوە و لێهاتوو و شارەزایی هاوپۆلەکانیان، بۆ کارابونی فێربوونی هەرەوەزی پێویستە ئەندامی گروپەکان لە یەکتر جیاوازبن، کە ئەوەش لە چوارچێوەی ستراتیژییەتەکانی فێربوون و خوێندنی کارایە (وولفولك، 2015، ص900) .

## 2-1 گرفتی توێژینەوەکە:

هەرچەندە بابەتی مێژوو بایەخێکی زۆری هەیە لە ڕووی پەروەردەییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دووچاری کۆمەڵێك کێشەو گرفت بۆتەوە . یەکێك لەو کێشە و گرفتانەش ئەو ڕێگا و شێوازەیە، کە ئێستا بەکاری دەهێندرێت لە گوتنەوەی بابەتی مێژوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی زۆرترین زانیاری بە قوتابییان دەدرێت بێ ئەوەی گوێ بە چۆنییەتی و چەندایەتی زانیارییەکان بدرێت، ئەمەش وادەکات قوتابی ڕۆڵێکی ئەو تۆی نەبێت لە کرداری فێرکردندا بە پێچەوانەی مامۆستا، کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و بە تاکە سەرچاوەی زانیارییەکان دادەنرێت. توێژینەوە پەروەردەییە نوێیەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەو ستراتیژیەتەی مامۆستا دەیگرێتەبەر و بەردەستە بۆ وانەگوتنەوە وا لە قوتابی دەکات تەنها گوێگر بێت و بە شێوەیەکی کارا بەشداری نەکات لە وانەکەدا.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە زۆربەی قوتابخانەکانی سنوری توێژینەوەکە، بۆ گوتنەوەی بابەتی مێژوو بەگشتی، ئەو ڕێگا و شێوازانە بەکاردەهێندرێت، کە ناگونجێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم سەردەمە، ئەمەش بەهۆی فراوانبوونی سەرچاوەکانی دەستکەوتنی زانیاری، کە لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیاوە بەرهەم هاتوون.

ڕوون و ئاشکرایە گۆڕانکاری لە تەواوی بوارەکانی ژیان ڕوویداوە، بەکارهێنان و داهێنانی ستراتیژیەتی نوێ بۆتە پێویستییەك لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بۆ ئەوەی پەرە بە توانا شاروەکان و چالاککردنی هزری قوتابی بدات و بیکاتە ناوەندێکی گرنگ لەکرداری فێرکردندا .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێڕای بوونی کەموکوڕی دەستنیشـانکراوی زۆر کە کاریگەری لەسـەر قوتابی دیاریکردووە، دەزگا پەروەردەیی و توێژینەوە پەروەردەییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە تا ئێستاش بە پلەیەکی زۆر پشت بە شێوازە کۆنەکانی فێرکردن لە گوتنەوەی بابەتی خوێندنی قوتابییان دەبەستریێت، ئەوەش وا لە قوتابی دەکات تەنها گوێگر بێت و بەشێوەیەکی کارا بەشدار نەبێت لە وانەکەدا، ئیدی هەر ئەوەش وایکردووە ئاستی فێربوونی قوتابییەکان گەشە نەکات و هەوڵی بەدەستهێنانی مەعریفی نەدات.

لێرەدا کێشەی توێژینەوەکە بە چەند پرسیارێك دیاری دەکرێت:

1 – ئایا ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا بەشێوازی هەرەوەزی کاریگەری دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەدەستهێنانی مەعریفی قوتابیان (کچان ) ی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی لە بابەتی مێژوودا؟

2 – ئایا ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا بەشێوازی هەرەوەزی کاریگەری دەبێت لەبەرزکردنەوەی گەشەپێدانی ئاراستەی قوتابیان (کچان ) ی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی لە بلبەتی مێژوودا؟

### 3-1 ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە ئەم ئامانجانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت :

1 - دیاریکردنی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا بە شێوازی هەرەوەزی لە بەدەستهێنانی مەعریفی قوتابیانی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی لە بابەتی مێژوودا .

2- دیاریکردنی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا بە شێوازی هەرەوەزی لە گەشەپێدانی ئاراستەی قوتابیانی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی لە بابەتی مێژوودا.

### 4-1 گریمانەکانی توێژینەوەکە

بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم گریمانانەی خوارەوەی دارشت:

1. جیاوازی واتاداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونگەری، کە بە ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا بابەت وەردەگرن، ناوەندی ژمێرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە هەمان بابەت بە ڕێگەی ئاسایی وەردەگرن لە بەدەستهێنانی مەعریفیدا لە بابەتی مێژوودا .

2. جیاوازی واتاداری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزمونکاری، کە بە ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا و، ناوەندی ژمێرەی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە هەمان بابەت بە ستراتیژیەتی ئاسایی وەردەگرن لە گەشەپێدانی ئاراستە بەرەو بابەتی مێژوو .

## 5-1 سنووری توێژینەوەکە:

سنوری توێژینەوەکە بەم شێوەیە :

1- لایەنی مرۆیی : قوتابییانی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی لە قوتابخانەی ( ئامادەیی ڕێواسی کچان) لە ناوەندی پارێزگای هەولێر.

2- لایەنی ماوەیی : وەرزی (یەکەم)ی خوێندن لە ساڵی خوێندنی (2020- 2021) لە ڕێکەوتی ( 7/ 2/ 2021 تاوەکو 27 / 3 / 2021 ).

3- لایەنی زانیاری : توێژینەوەکە بەشی (یەکەم و دووەم) ی تایبەت بە بەشی مێژووی پۆلی (یازدەیەمی وێژەیی ) لە خۆ دەگرێت، کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق بڕیاری لەسەردراوە لە ساڵی (2015)- چاپی چواردەهەم.

## 6-1 پێناسەی دەستەواژەکان:

### 1-6-1 کاریگەری:

**- پێناسەی تیۆری :**

ئاستی توانای هێنانەدیی ئەنجامە بەئامانجکراوەکانە، ئەم توانستە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئاستی سەرکەوتن لە تاقیکردنەوەو بەکارهێنانی ئاوێتەیەکی گونجاوی تێئاخنراوەکان (المدخلات) یان دەرامەتەکانە بە بێ بەهەدەردان، یان دەستبڵاوی (الجساسی، 2010، ص15).

**- پێناسەی ڕێکاری توێژەر :**

ئەو گۆڕانکارییەیە کە لە بەدەستهێنانی مەعریفی و گەشەپێدانی ئاراستەی قوتابیانی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی لە بابەتی مێژوو ڕوودەدات کە بەپێی ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا بەشێوازی هەرەوەزی بابەت دەخوێنن .

### 1-6-2 ستراتیژیەت:

**- پێناسەی تیۆری :**

هونەری بەکارهێنانی توانستەکان و ئامرازە بەردەستەکانە بە رێگەیەکی نموونەیی بۆ هێنانەدیی ئامانجە چاوەڕوانکراوەکان بە باشترین شێوە، بە واتای ئەوەی رێگەی دیاریکراوە بۆ چارەسەرکردنی گرفت، یان دەستبەکاربوونێکی گرنگ، یاخود شێوازی کرداری بۆ هێنانەدیی ئامانج (شاهین، 2011، ص22) .

**- پێناسەی رێکاری توێژەر:**

ئەو پلانەیە کە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو دادەنرێت لە لایەن مامۆستا تێیدا هەموو رێگا و تەکنیك و رێکارەکان لە خۆ دەگرێت بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وانە گووتنەوەکە .

### 1-6-3 فێرکردنی کارا:

**- پێناسەی تیۆری :**

بریتییە لە پێدانی دەرفەتێکی باش بە قوتابییان لەپێناو ئەوەی بتوانن (بخوێنەوە، بنووسن، گوێ بگرن و بدوێن) بەشێوەیەکی تەواو، کە ڕەنگدانەوە لەسەر ناوەرۆکی فکرەکان هەبێت (p75 ,2017، Rudasill ).

**- پێناسەی رێکاری توێژەر:**

بریتییە لە کاراکردنی چەمك و بیرکردنەوەکان لە مێشك لە تیۆریەوە بۆ جێبەجێکردنی کرداری یاخود بریتییە لە ئەنجامدانی کۆمەڵێك ڕەفتارو لێهاتوویی کاریگەر لەلایەن مامۆستاوە لە میانەی پرۆسەی وانە وتنەوەدا.

### 1-6-4 شێوازی هەرەوەزی:

**- پێناسەی تیۆری :**

شێوازێکە لە شێوازەکانی فێربوون وا لە قوتابی دەکات لە کۆمەڵێکی بچووك کاربکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو یان بەدیهێنانی هەر ئامانجێك، بەم شێوەیە هەر تاکێکی ناو کۆمەڵەکە لە بەرانبەر کۆمەڵەکەی هەست بە بەرپرسیارەتی دەکات، سەرکەوتنی ئەو بە سەرکەوتنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

كۆمەڵەكەی دادەنرێت و سەرنەكەوتنیشی بۆ كۆمەڵەكەی دەبێت، بۆیە هەر تاكێكی ناو كۆمەڵەكە هەوڵ بۆ یارمەتیدانی هاوكارەكەی لە كۆمەڵەكەی خۆیدا دەدات (الربیعی، 2011، ص86) .

**- پێناسەی ڕێكاری تویژەر :**

شێوازێكە لە شێوازەكانی فێركردن كەوا قوتابییان لە ناو پۆل دابەش دەكرێن بۆ سەر چەند گروپێكی بچوك لە لایەن مامۆستاوە، كە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاری كراوەكان هەریەك لە ئەندامانی ناو ئەو گروپە هاوكاری یەكتر دەكەن .

### 1-6-5 بەدەستهێنانی مەعریفی:

**- پێناسەی تیۆری :**

كۆی ئەو كارامەیی و زانین و هەڵوێست و بەهایانەیە كە لە ماوەیەكی دیاریكراودا قوتابی بەدەستیهێناون، بە بەراورد لەگەڵ ئەو كۆمەڵە كارامەیی و زانین و هەڵوێست و بە هایانەی پێویستە بەدەستیان بهێنێت ( أبو دیە، 2011، ص244) .

**- پێناسەی ڕێكاری تویژەر :**

بریتییە لەو زانیاری و چالاكییانەی، كە قوتابی هەوڵی فێربوونی بۆ دەدات لە چوارچێوەی فێربوونی بابەتی مێژوو لە پەرتوكی پۆلی (یازدەیەمی وێژەیی)، مامۆستا لە ڕێگای تاقیكردنەوەی بەدەستهێنان ئەنجامی كۆتایی ئاستی فێربوونی قوتابییان بەدەست دەهێنێت.

### 1-6-6 ئاڕاستە:

**- پێناسەی تیۆری :**

بریتییە لە كۆمەڵێك فكر و هەست و بیروباوەر سەبارەت بەبابەتێك، كە خەسڵەتی تاك ئاراستە دەكات و هەڵوێستیشی سەبارەت بەم بابەتە دەست نیشان دەكات ( ئەبو جادۆ، 2006، ص191) .

**- پێناسەی ڕێكاری تویژەر :**

بریتییە لە حاڵەتێكی هەڵچوون كە خۆی لە پەسەندكردن، یان ڕەتكردنەوە، یاخود بێلایەنیدا دەبینێتەوە كە قوتابییەكی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی لە كاتی وەڵامدانەوەی بڕگەكانی پێوەری

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاراســتەکانی بابەتی مێژوو دەریدەبڕێت، کە توێژەر ئامادەی کردووەو بە نمرەی گشــتیی هەموو بڕگەکانی پێوەرەکەش دەخەملێندرێت.

**1-6-7 مێژوو:**

**- پێناسەی تیۆری :**

مێژوو بریتییە لە باســی ڕابردووی ئادەمیزاد و ئاڵوگۆڕەکانی نێو کۆمەڵگاکانی و لایەنی جیاوازی ژیانی ئەو کۆمەڵگایانە تێکڕاو بەجیا، بە نیازی تێگەیشــتنی ئەمڕۆ و دیاریکردنی ڕێبازی گشــتی دواڕۆژی ( عومەر، 2019، ل59).

**- پێناسەی ڕێکاری توێژەر :**

بریتییە لەو زانســتەی، کە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی تایبەت بە لایەنی مرۆڤایەتی دەدات، کە لە ڕابردوو ڕوویان داوە، واتە زانســتێکی کۆمەڵایەتییە، بابەتی جۆراو جۆر و ڕووداوی وورووژێنەری تێدایە، ســەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕادەکێشــێت، زانســتێکە بەردەوام زیندووە و دەتوانێت هەســت بوروژێنێت .

## 2: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### 2-1 ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا:

### 2-1-1: چەمك و سەرهەڵدانی ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا:

ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا لە کۆتایی سەدەی بیستەم بەدەرکەوت و گرنگی پێدان بەم جۆرە فێرکردنە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم پەرەی سەند، تا ئەو ڕاددەیە کە ببێت بە یەکێك لە ئاراستەکانی پەروەردەیی و دەروونی سەردەم و خاوەن کارتێکردنی ئەرێنی لە سەر فێربوون لە ناوەوەو دەرەوەی پۆلە کانی خویندن لە لایەن قوتابیانەوە ( امبو سعیدی و هدی، 2015، ص25 ) .

### 2-1-2: بنەماکانی فێرکردنی کارا :

فێرکردنی کارا لەسەر چەند بنەمایەك دامەزراوە کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1ـ بەژداری کردنی قوتابیان لەڕووی هەڵبژاردنی سیستمی کارو بنەماکانی.

2- دەرفەت دان بە قوتابیان بۆ بەرێوەبردنی کەسایەتی خودی خۆیان و دابینکردنی بارودوخێکی گونجاوو دوور لە دڵەڕاوکێ و خۆشی پێبردن لەکاتی فێربووندا .

3- جۆراو جۆر کردنی سەرچاوەکانی فێربوون و بەکارهێنانی ئەو ئستراتیجیەتانەی وانەووتنەوە کە قوتابی سوودی لێی وەرگرێت.

4- دەبێت گشت ئاراستەکان و پەیوەندیەکان توکمە و یەکگرتووبن لە نێوان ماموستایان و قوتابیان.

5- رێك و پێك کردنی دانیشتنی قوتابیان بەمەرجەی کە گونجاوبێت لەگەل بابەتی خوێندن.

6- پاداشت کردن لە کاتی گونجاودا.

7_ فێربوونی هەر قوتابیەك بە پێی کەسایەتی خودی خۆیی و هاوکاری کردنی لە سەر تێگەیشتنی کەسایەتی خوی، وەهەروەها دەست نیشانکردنی لایەنەکانی بەهێزوو لاواز (Adams،2011،p19 ).

**3-1-2: ئامانجەکانی فێرکردنی کارا :**

فێرکردنی کارا ئەم ئامانجانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:-

1- بۆ ئەوەی قوتابیان بتوانن بە رێگای بیرکردنەوەی بە هیزی خۆیان کێشەکانیان چارەسەر بکەن و بتوانن ئەم بیرکردنەوەو رێگایانە بەکاربێنن لە کاتی فێربوون و ژیانی رۆژانەیان دا بە شێوازێکی پراکتیکی.

2- زیادکردنی تواناکی قوتابی لە سەر تێگەیشتنی زانینی زیاتر و چۆن ئەم زانینە بنیات نراوەوە و واتای هەیە بۆ ئەوەی زیاتر پێشوازی لێبکات و زیاتر فێرببێت.

3- بەرەو پێشبردنی ئاراستەکانی قوتابیان بەرەو فێربوون و هاندانیان لە سەر دۆزینەوەی بهاکانیان و ئاراستەکانیان.

4- بەرەو پێشبردنی پاڵنەرە ناوخۆییەکانی قوتابیان بوئەوەی گەرم و گوڕی زیاتریان هەبێت لە سەر فێربوون.

5- هاندانی قوتابیان بۆ بەژداری کردن لە دانانی ئامانجەکانیان لە رووی فێربوونەوە و چۆن ئەم ئانجانە بەدەست بێنن و لێپرسنەوەی فێربوونیان هەڵبگرن.

6- وەرگرتنی ئەو رێگایانە لە لایەن قوتابیان لە ڕووی هەڵچون و پەیوەندی و گەیاندن و هاوکاری کردن لەگەل کەسانی تر .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7- ئاسانکردنی فێربوون بەو پێیەی قوتابیان بتوانن ئەو شارەزاییەی وەریان گرتووە لە فێربوون لەرووی پراکتیکیەوە کێشەکانی رۆژانەیان پێ چارەسەربکەن.

8- دابین کردنی ئەو توانایانە کە قوتابیان بتوانن کاربکەن بە شێوازی داهێنەرانە (عباس، 2016، ص299).

**4-1-2: تایبەتمەندییەکانی ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا:**

1. لە وانەگوتنەوەی کارا، قوتابی تەوەرەی ســەرەکی کرداری فێرکردنە، بۆیە دەبێ چاودێریی تواناو ئامادەکاری و مەیل و ئارەزووە زانســتی و دەروونیو کۆمەڵایەتییەکانی قوتابی بکرێت و ئەو لایەنانە لەبەرچاو بگیرێن و حیسابیان بۆ بکرێت.

2. ڕوون و ڕەوانیی ئامانجە تایبەتەکانی وانەگوتنەوەی کارا بۆ هەر یەکێك لە مامۆســتاو قوتابی لە سەر رێگەی ڕاست، قۆناغەکانی وانەگوتنەوەش بە ڕێگەیەکی ڕاست و دروست دەبێت.

3. ڕەچاوکردنی جیاکارییە تاکییەکانی نێوان قوتابیان، چونکە بە جۆرێکن لە ئامادەکارییەکانیان و توانســت و ئەزموونەکانیان جیاوازییان هەیە، بۆیە لە ســەر کرداری وانەگوتنەوە پێویســتە، ڕەچاوی ئەو جیاکارییانەی نێوانیان بکات، ئەوەش بە هەمەجۆربوونی رێگەکانی وانەگوتنەوەو بەکارهێنانی ئامرازە هەمەچەشــنەکانی فێرکاری و هێنانەوەی نموونەو بەکارهێنانی تاکەکەســکردنی فێرکردن (تفريد التعليم) و هەمەرەنگبوونی کاری ناو پۆلی خوێندن.

4. پەیوەندیی وانەکە بە ژیانی قوتابیانەوە، چونکە وانەگوتنەوە هەمیشە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەبێت، بۆیە لە ســەر مامۆستا پێویســتە لە کاتی وانەگوتنەوە نموونە لە ســەر ژیانی رۆژانە دەربارەی بابەتی وانەکە بهێنرێتەوە، تاکو قوتابیـان رۆڵ و بایەخی ئەو بابەتە لە ژیانی کرداریياندا تێبگەن و بزانن.

5. ئامانجی وانەگوتنەوەی کارا گەشـــەپێدانی توانـــاو دەستەبەرییەکانی قوتابی و شیاندنیانە بۆ ئێســتـــــاو دوارۆژ، نەك لێکۆڵینەوەی رابردوو و فێربوونی خودی خۆیـان، بەڵکو بەکـارهێنـانی لێکۆڵینـــــەوەکانی ڕابردوو بۆ تێگەیشتنـــی ڕووداوەکانی ئێستاو ئامادەسازی بۆ ئاینده( مصطفى ، 2014، ص56-57).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2-2 شێوازی فێربوونی هەرەوەزی :

### 1-2-2 : چەمك و مێژووی فێربوونی هەرەوەزی :

فێربوونی هەرەوەزی شێوازێکی فێرکردنە پشت بە گروپ کردنی قوتابیان دەبەستێ کە بە ئەرك و چالاکی ڕادەسپێردرێن و هاوکاری تەواوی یەکتری دەکەن بۆ جێبەجێکردن و وەدەستهێنانی ئامانجە فێرکاریە خوازراوەکان بە ئاستی پێویست،نوێخوازانی ناوەندە پەروەردەییەکان زۆر بەرژدی و تینەوە داوای بەکارهێنانی فێربوونی هەرەوەزی دەکەن وەك ستراتیژییەتێکی گرنگی فێرکردن، لەبەر ئەو تایبەتمەندی و کارایی و کاریگەرییە ئەرێنییەی لەپرۆسەی فێربوون و فێرکاریدا هەیەتی، بەجۆرێك کە فێرخوازان لەگرووپی بچووك و گونجاودا لەناو دۆخ و کەشێکی لەباری پڕ لەدیالۆگ و دانوستاندن و تێکەڵبوون و ڕێزگرتن و هاوکاریدا، ئەرك و چالاکییەکان جێبەجێ دەکەن، کە سەرئەنجام دەبنە خاوەن دەستکەوتی خوازراو و فێری زانیاری و بەهای کۆمەڵایەتی و دیموکراسی و شیان و چاپووکی و جۆری بیرکردنەوە بەخودی خۆیان لەیەکترییەوە، بێ هاوکاری ڕاستەوخۆی مامۆستا دەبن ( دەروێش،2015، 22) .

سەرەتای دەستپێکردنی فێربوونی هەرەوەزی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1900)زلەسەر دەستی زانا کیرت کافکا ( Kurt Kafka ) کە یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی تیۆری ( GestTalT) گشتاڵت لە دەروونزانییدا جەختی لەسەرئەوە کردووەتەوە کە کۆمەڵەکان گەلێ یەکەتەواو کامڵ و چالاکن پشت بەستن بە یەکتری لە نێوان ئەندامەکان جیاوازە،کیرت لوین (KurtLewin) لە ساڵانی (1935-1984) گەشەی بە تیۆری کافکا دا، بە دانانی ئەم خاڵانەی خوارەوە :

1- بناغەی کۆمەڵە(گروپ) پشت بەستنی ئەندامەکان بە یەکتری .

2- حاڵەتی گرژی ناوەوەی ئەندامەکان پاڵنەرەکە لەسەربەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان کار بکەن (جونسون و ئەوانی تر، 1995،ص 3-6) .

### 2-2-2: جۆرەکانی فێربوونی هەرەوەزی:

لەڕاستیدا فێربوونی هەرەوەزی چەند جۆرێکی هەیە لەوانە :

1- **فێربوونی هەرەوەزی فەرمیی** : لە چەند کۆمەڵێك پێکدەهێنرێت بۆ تەواوکردنی ئەرکێکی دیاریکراو، ڕەنگە لە یەك بەش وانە بخایەنێت تا دەگاتە چەند هەفتەیەك، قوتابیەکان هەموویان بە

یەکەوە کاردەکەن بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوکارەی پێیان سپێردراوە کە بەتەواوی ئەنجام دراوە ( کەریم، 2014، ل36 ) .

**2- فێربوونی هەرەوەزی نافەرمیی :** لەم جۆرە قوتابیان دابەش دەکرێن بۆ چەند کۆمەڵێکی کاتیی بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی دیاریکراو بۆ ماوەی چەند خولەکێك بۆ ئەوەی مامۆستا دڵنیا بێت کە قوتابیان لە بابەتی وانەکە حاڵی بوون، ئەمەش لە کاتی ڕاڤەکردنی مامۆستا بۆ بابەتەکە.

**3-فێربوونی هەرەوەزی بنەڕەتی :** لەم جۆرەدا قوتابیان دابەش دەکرێن بۆ چەند کۆمەڵێکی بۆ چەندجێگیرو و بۆماوەیەکی درێژ بەڵام هاوچەشن نین ئەمەش بۆ خوێندنی بابەتێك بە تەواوەتی، یەکتری بینینی قوتابیان دەشێت لەناو پۆلدا بێت بە فەرمیی یان نافەرمیی، هەروەها قوتابیەکان سەردانی یەکدی دەکەن تاکو ئەوەی لە دەستیان چووە و فریای نەکەوتوون لە پۆلدا و گرانە بۆ یەکتر چرۆڤەی بکەن ( احمد، 2008، ص95).

## 3-2-2:هەنگاوەکانی فێربوونی شێوازی هەرەوەزی :

شێوازی فێربوونی هەرەوەزی بەم هەنگاوانەی خوارەوە تێپەڕ دەبێت :

یەکەم :هەنگاوی پلان دانان .

دووەم :هەنگاوی جێبەجێکردن .

سێیەم :هەنگاوی هەڵسەنگاندن ( عطية، 2008،ص158-160 )

## 4-2-2:خەسڵەتەکانی فێربوونی هەرەوەزی :

گرینگترین خەسڵەتەکانی فێربوونی هەرەوەزی بریتیین لە :

1- قوتابی لە کۆمەڵەکەدا دوو ڕۆڵی تەواو دەگێڕێت، کە جەخت لەسەر چالاکییەکانی دەکەنەوە ئەوانیش بریتین لە فێربوون و وانە گوتنەوە، فێربوونی هەرەوەزی یارمەتی تاکەکان دەدات بۆ بەردەوامبوون لە تەك هاوەڵەکانیدا و ڕێز لە خود گرتن فێردەبێت لە میانی خوێندنی چۆنیەتی بەدیهێنانی هەرەوەزی.

2. فێربوونی هەرەوەزی فێربوونێکی کارایە، لە خۆیدا ستراتیژیەتێکە هەموو جۆرو ئاستەنگەکانی ئامانجە پەروەردەییەکان بە کارایی و لێهاتووییەوە بەدی دەهێنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرینگیان لە فێربوونی هەرەوەزیدا هەیە.

4.بە جێگەیاندنی فێربوونی هەرەوەزیلە میانەی کۆمەڵە ستراتیژیکەوە بەدی دێت، نەك لە میانەی یەك ستراتیژەوە.(کەریم،2014،ل41).

5. یاریدەی بەدیهێنانی ئامانجە فێرکارییەکان لە لایەن مەعریفیی و کارامەیی و ویژدانییەکانەوە دەدات.

6.بۆ سەرەوتن هەلی یەکسان بە قوتابییەکان دەبەخشێت، بە جۆرێك کە هەموو ڕۆڵبینینێك لە ناو کۆمەڵەکەدا تەواوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکە، لێرەدا سەرکەوتن سەرکەوتنی کۆمەڵەکەیە، بۆ یارمەتی قوتابیە ئاست نزمەکان لە خوێندندا دەدات کە پاڵنەرێکی ناوەکییان بۆ فێربوون پێدەدات.

7. یارمەتی ئامانجەکانی کۆمەڵەکە دەدات و پاڵنەریانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵەکە.

8. پاڵنەری فێربوون زۆر دەکات کە مەرجێکە لە مەرجەکانی ڕوودانی فێربوون.(عبدالمقود، 2001، ص200-201).

## 3: ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

### 3-1: ڕێبازی توێژینەوەکە

توێژەر بەرنامەی ئەزموونی بەکارهێناوە بۆ توێژینەوەکەی، بەهۆی گونجانی لەگەڵ سروشتی کێشەی توێژینەوەکە.

### 3-2: نەخشەسازی ( دیزاینی ) ئەزموونی توێژینەوەکە:

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا نەخشەسازی ئەزموونگەری لە ڕێگای دوو کۆمەڵەی هاوسەنگ بەکارهێنا، لەبەرئەوەی نەخشەسازی ئەزموونی بەنزیکترین بەرنامە دادەنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگایەکی زانستی ( ملحم، 2002، ص388).

بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر نموونەی توێژینەوەکەی بۆ دوو کۆمەڵەی هاوسەنگ دابەشکرد (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)، بەشێوەیەك کە کۆمەڵەی ئەزموونی بە بەکارهێنانی (ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا بەشێوازی هەرەوەزی)، و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراویش بە ستراتیژیەتی فێربوونی پەیڕەوکراو وانەیان پێگوتراوە، لە کۆتایی ئەزموونەکەدا تاقیکردنەوە ئەنجامدراوە بۆ هەردوو کۆمەڵەکە بۆ زانینی (کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا بە شێوازی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرەوەزی) لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ (بەدەستهێنانی مەعریفی و گەشەپێدانی ئاراستە لە بابەتی مێژوو).

### 3-3: کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوەکە:

سەبارەت بە کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە ئەوا بریتییە لە قوتابیانی کچی پۆلی یازدەیەمی ویژەیی لە ناوەندی پاریزگای هەولێر، بۆ ساڵی خوێندنی (2020-2021) کە پێکهاتبوو لە (43) قوتابخانە و ژمارەی قوتابیەکانی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی بریتییە لە (1384) قوتابی، وە توێژەر بۆ پڕاکتیزەکردنی کاری توێژینەوەکەش بەمەبەست قوتابخانەی ئامادەیی ڕێواسی کچانی هەڵبژارد .

مەبەست لە نموونەی توێژینەوە بەشێکە لەو کۆمەڵگایەی توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجامدەدرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست نوێنەرایەتی کۆمەڵگاکە بکات ( ئەحمەد ، 2016، ل39 )، یاخود هەموو تاکی ئەو دیاردەیەیە کە توێژەر لێی دەکۆڵێتەوە( ملحم، 2005، ص149)، بۆیە توێژەر دوای دەستنیشانکردنی کۆمەڵگای ئەم توێینەوەیە، دەستیکرد بە هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکەی بەم شێوەی خوارەوە:

نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابیانی قوتابخانەی ئامادەیی ڕێواسی کچان کە دوو پۆل بوون ( أ – ب) پاش ئەوە توێژەر بەشێوەیەکی هەرەمەکی و (لە ڕێگای تیروپشکەوە) هەڵبژاردن ، لە ئەنجامدا پۆلی (ب) بوو بە کۆمەڵەی ئەزموونی وە پۆلی ( أ ) بوو بە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو . ژمارەی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە (41) قوتابی بوون، کۆمەڵەی ئەزموونی ( 21 ) قوتابی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (20 ) قوتابی بوون . بڕوانە خشتەی ژمارە (1) .

خشتەی ژمارە (1): خستنەڕووی کۆمەڵ و پۆل ژمارەی قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | پۆلی خوێندن | ژمارەی قوتابیان پێش دوور خستنەوە | ژمارەی قوتابیان دوای دووخستنەوە | ژمارەی کۆتایی قوتابیان |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ب | 21 | 20 | 20 |
| کۆنترۆڵکراو | أ | 20 | 20 | 20 |
| کۆی گشتی قوتابیان | | | | 40 |

### 4-3 هاوسەنگی هەردوو گروپی توێژینەوەکە :

هاوسەنگی نێوان کۆمەڵەکانی توێژینەوە، یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی توێژینەوەی ئەزموونی، بۆیە توێژەر بە گرنگی زانی کە هاوسەنگی لە نێوانیاندا بکات لە هەندێ گۆڕاو کە لەوانەیە کار لەسەر گۆڕاوەکانی کارتێکراو بکەن، گۆڕاوەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە :

1. تەمەنی قوتابیان هەژمارکراو بە مانگ .
2. ئاستی زیرەکی قوتابیان .
3. ئاستی خوێندنی دایك و باوکیان .
4. نمرەی بابەتی مێژوو ساڵی پێشوو .

### 5-3: پێداویستییەکانی توێژینەوەکە :

بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە، پێویستە ئەم پێداویستیانەی خوارەوە ئامادەبکرێن :

**1- دیاریکردنی بابەتی خوێندن :**

توێژەر هەڵسا بە دیاریکردنی ئەو بابەتانەی کە بڕیاربوو لە ماوەی ئەزموونەکە بە قوتابیان بگوترێتەوە، کە ئەویش بریتی بوو لە بەشی یەکەم و دووەم لە پەرتوکی مێژووی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی بۆ ساڵی خوێندنی ( 2020 -2021 ) .

**2- ئامادەکردنی پلانی وانە ووتنەوە :**

پلانی وانە وتنەوە بریتییە لە کۆمەڵێك هەنگاوی پێشبینی کراوی ئەقڵیی بۆ ئەو کارامەیی و چالاکییانەی پێویستە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن ئەنجام بدرێن یان جێبەجێ بکرێن لە کات و شوێنی دیاریکراو بۆ بەرجەستە کردنی ئامانجە دیاریکراوەکان، بە بەکارهێنان و سودبینین لە هۆکار و ئامرازو تەکنەلۆژیای فێرکاری، بە کەمترین هەوڵ و تێچوون ( قادر، 2018، ل62 ).

یەکێك لە پێداویستیەکانی ئەزموون ئامادەکردنی پلانی وانە ووتنەوەیە، لەبەر ئەوەی سەرکەوتنی پرۆسەی وانە ووتنەوە پێویستی بە ئامادەکردنی پلانێکی باشی وانە ووتنەوە هەیە ئەوەبوو توێژەر پاش دیاریکردنی ناوەڕۆکی بابەتی خوێندن دەستیکرد بە ئامادەکردنی پلانی وانە وتنەوە لە بەشەکانی یەکەم و دووەم لە پەرتوکی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە شـێوەیەك (15) پلانی وانە وتنەوە ئامادەکرا بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە پێی سـتراتیژیەتی فێرکردنی کارا بەشـێوازی هەرەوەزی وانەیان پێدەوترا، وە (15) پلانی وانەوتنەوەش ئامادەکرا بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە پێی سـتراتیژیەتی فێربوونی ئاسـایی وانەیان پێدەوترا، بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی پلانی وانە وتنەوەکان، توێژەر نموونەی پلانێکی دا بە کۆمەڵێك شارەزاو پسپۆڕان لە ووتنەوەی بـابەتی مێژوو و ڕێگـاکـانی وانە وتنەوە، بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوون و تێبینـی و پێشـنیارەکانیان بە مەبەسـتی باشـتر دارشـتنی ئەو پلانە، لەبەر ڕۆشـنایی ئەو ڕاو سـەرنجانەی کە شــارەزایان پێشــکەشــیان کرد پاش گەڕاندنەوەی نموونەی پلانەکە توێژەر ســوودی وەرگرت لە تێبینیەکان و هەندێ هەموارکردنی پێویستی بۆ کرد و ئامادەی کرد بۆ جێبەجێکردن .

### 6-3: ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

### 1-6-3: تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی مەعریفی:

بۆ هێنانەدی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر تاقیکردنەوەی بەدەســتهێنانی بابەتی مێژووی تایبەت بە توێژینەوەی ( صــابر، 2019 ) بەکـارهێنـاوە، کـە پێکهـاتووە لـە (42) بڕگـەی بـابـەتی و وتـاری، و ئامادەکرابوو بۆ توێژینەوەیەك لەسەر قوتابیانی پۆلی یازدەیەمی ویژەیی .

### 1-1-6-3 : ڕاستگۆی تاقیکردنەوەکە

مەبەســت لە ڕاســتگۆیی تاقیکردنەوە ئەوەیە کە پێوانەی ئەو لایەنانە بکات کە پێوەرەکە یاخود تاقیکردنەوەکەی بۆ داڕێژراوە ( ملحم ، 2005 ، ص270 ) . کەواتە ڕاســتگۆیی بە یەکێك لەو هۆکارە ســەرەکییانە دادەنرێت کە دەبێ بەکارهێنەری تاقیکردنەوەکە، یان دانەری تاقیکردنەوەکە جەختی لەسەر بکاتەوە، مەبەستیش لە ڕاستگۆیی ئەوەیە کە (تاقیکردنەوەکە بەڕاستی ئەو سیماو خەسڵەتانە پێوانە بکات کە لەبەر پێوانەکردنیان دانراوە)، واتە ئاســتی نزیکی ئەو بابەتەی کە تاقیکردنەوە بە ڕاستی پێوانەی دەکات، لەو بابەتەی کە لە پێناو پێوانەکردنیدا نەخشەسازی بۆ کراوە (سعید، 2014، ل46 ) .

### یەکەم : ڕاستگۆیی ناوەڕۆك

مانای ئەم جۆرە ڕاست و دروستیە ئەوەیە کە ناوەڕۆك و بڕگەکانی تێستەکە پێوانی ئەو خاسیەت و توانایە بکەن کە بۆی ئامادەکراوە، ئەم جۆرە ڕاســت و دروســتیە یەکێکە لە گرینگترین ڕاســت و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دروســتیەکان بە تایبەتیش بۆ پێوان کردنی بوار یان توانایەکی دیاریکراو (قەرەچەتانی، 2018، ل 122).

ڕاســتگۆیی ناوەڕۆك گرینگی دەدات بەو مەودایەی کە دەقێکی دیاریکراو لە ناوەرۆك خۆیی تیایدا دەبینێتەوە کە پێکهاتووە لە بابەتەکان و پرۆسـەکان( ملحم، 2005، ص 271 )، پێویسـتە لە بنیاتنانی تاقیکردنەوە ئەو بابەتانە شــی بکرێتەوە کە مەبەســتە پێوانە بکرێن هەروەها پێویســتە ئەو بابەتانە جەختیان لەســەر بکرێتەوە کەوا تاقیکردنەوەکە لە خۆیان دەگرێت( رضــوان، 2006، ص 184 )، دوایی ئەوەی ســەلمێنرا کە بڕگەکانی تاقیکردنەوە هاوتایە لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکە لە میانەی ڕای شارەزایان، توێژەر پشتی بە ڕاستگۆیی ئەو ناوەڕۆکە بەست کە ئاستی لە خۆگرتنی تاقیکردنەوەکە بە ناوەرۆکی پێوانەکراو دەبەستێتەوە .

**دووەم: ڕاستگۆی ڕووکەشی(ڕواڵەتی) :**

ڕاســتگۆیی ڕووکەشــی ئاماژەکردنە بۆ مەودای پێوانەکردنی تاقیکردنەوە بۆ ئەو مەبەســتەی کە بە ڕووکەش بۆی دانراوە ( العزاوی،2008، ص94 ).

بە مەبەســتی بەدەســتهێنانی ڕاســتگۆیی ڕووکەشــی بۆ تاقیکردنەوەکە، توێژەر تاقیکردنەوەکەی پیشــانی کۆمەڵێك شــارەزا و پســپۆڕ لە بواری مێژووی ئەورووپا و ڕێگاکانی وانە ووتنەوە و زانســتە پەروەردەیی و دەروونییەکان و پێوانە و هەڵسـەنگاندن . بە مەبەستی زانینی ڕاو پێشـنیارەکانیان بۆ بڕیاردان لەســەر ئاســتی گونجاوی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بۆ پۆلی یازدەیەمی وێژەیی وە ڕێژەی ڕازی بوونی (80) بەدەستهێناوە، بەم شێوەیە ڕاستگۆیی ڕووکەشی بۆ تاقیکردنەوەکە دەرهێنرا .

**2-1-6-3 : جێگیری تاقیکردنەوەکە :**

توێژەر پەنای بۆ تاقیکردنەوە و دووبارە تاقیکردنەوە برد،ئەم ڕێگایەش بۆ هەڵســەنگاندنی هەڵەی پەیوەســت بە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکان بوو لە دوو تاقیکردنەوەی جیاوازدا. ســەبارەت بە جێگیربوونی تاقیکردنەوەکە، بۆ بەدەســتهێنانی جێگیری ئەم پێوەرە توێژەر پەنای بۆ (تاقیکردنەوە و دووبارە تاقیکردنەوە) برد، ئەم ڕێگایەش بۆ هەڵســەنگاندنی هەڵەی پەیوەســت بە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکان بوو لە دوو تاقیکردنەوەی جیاوازدا ســەبارەت بە کاتەکانی جێبەجێکردنەکان، بۆ زانینی وەڵامی کەســەکان لە هەردوو تاقیکردنەوەکەدا لە دوو کاتی جیاوازی هەمان هەلومەرجدا،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژەر تاقیکردنەوەی لەسەر(55) قوتابی ئەنجامدا، جیاوازی کات لە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم ودووەم ماوەی (7) ڕۆژ بوو کە کاتێکی گونجاوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (2).

خشتەی ژمارە(2): بەها هاوکۆلکەکانی جێگیریی تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی مەعریفی

| کۆمەڵە | ژمارەی نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن |
|---|---|---|---|---|
| یەکەمجار | 55 | 14.56 | 2.097 | 0.773 |
| دووەمجار | 55 | 13.31 | 2.142 | |

**3-6-2: پێوەری گەشەپێدانی ئاڕاستە لە بابەتی مێژوو**

ئەم جۆرە پێوەرە بۆ دیاریکردنی ئاراستەو ڕاوبۆچوونەکانی قوتابیە و دەتوانین لە ڕیگای ئاراستە پێوەکانەوە ڕاوبۆچوون و ئاراستەکانی قوتابی بزانین سەبارەت بە بابەتی مێژوو.

یەکێك لەپێداویستییەکانی توێژینەوەی ئێستا بەکارهێنانی پێوەری ئاراستەی قوتابیانە بەرامبەر بە بابەتی خوێندن، توێژەر بۆ ئەم مەبەستە پشتی بەپێوەری ئاراستەی توێژینەوەکەی (عبدالله،2014 ) بەستووە کە لە (40) برگە پێکهاتووە .

**3- 6 -2-1 : ڕاستگۆیی ڕووکەشی پێوەری گەشە پێدانی ئاراستە بەرەو بابەتی مێژوو :**

ئەم جۆرە ڕاست و دروستیە مانای ئەوەیە کە ئەو پێوەرەی ئامادەمان کردووە وا دەردەکەوێت کە گونجاو بێت بۆ پێوانکردنی ئەو شتەی کە بۆمان ئامادەکردووە، ئەم جۆرە ڕاست و دروستیە مانای ئەوەیە کە لە لایەنی زانستیشەوە زۆر ڕاستە و دەتوانێت بە تەواوی متمانەی پێبکرێت، لەبەر ئەوەی تەنها شارەزاو پسپۆڕەکان بە ڕووکەشی بۆیان دەردەکەوێت کە ڕاست و دروستە نەك بە ڕێکاری ئەزموونی دڵنیا بن کە ئەو تاقیکردنەوە بە تەواوی ئەو شتە دەپێوێ کە بۆی ئامادەکراوە ( قەرەچەتانی، 2018، ل122 ).

توێژەر لەمیانەی ڕاستگۆی ئاشکراوە جەختی لەسەر ڕاستگۆیی پێوەرەکە کردەوە، واتە لەخۆگرتنی پێوەر بۆ ئەو بابەتەی کە بۆ پێوانەکردنی دانراوە .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی پێوەر، توێژەر پشتی بە دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕووکەشیی بەست بۆ ئەم مەبەستە توێژەر پێوەرەکەی بەشێوەیەکی سەرەتایی خستە بەردەستی کۆمەڵێك لەپسپۆڕ و شارەزا لەبواری پەروەردە و زانستی دەروونی پەروەردەیی و پێوانە وهەڵسەنگاندن. بە مەبەستی زانینی ڕاو پێشنیارەکان بۆ بڕیاردان لەسەر ئاستی گونجاوی بڕگەکانی ڕاپرسییەکە بۆ پۆلی یازدەیەمی وێژەیی، بەم شێوەیە بڕگەکانی پێوەر لەبواری گونجاندن ( 80% ) ی بەدەستهێناوەو ئەمەش ڕای زۆربەی کەسە شارەزا و تایبەتمەندەکانە و بەم شێوەیەش پێوەرەکە پێوەرێکی ڕاستگۆ و گونجاوە بۆ بەکارهێنان .

**2-2-6-3 : جێگیربوونی پێوەری گەشەپێدانی ئاراستە :**

چەندین ڕێگا هەیە بۆ پێوەری جێگیربوون و توێژەر ڕێگای تاقیکردنەوەی دەست نیشانکردووە چونکە ئاسانترین ریگایە بۆ بەدەستهێنانی پلەکانی دووبارەی هەمان کۆمەڵەی تاکەکان وپێوەرکردنی هەمان سیفەتیان. ( ملحم، 2000، ص275) .

بۆ بەدەستهێنانی جێگیری ئەم پێوەرە توێژەر پەنای بۆ (تاقیکردنەوە و دووبارە تاقیکردنەوە) برد، ئەم ڕێگایەش بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵەی پەیوەست بە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکان بوو لە دوو تاقیکردنەوەی جیاوازدا سەبارەت بە کاتەکانی جێبەجێکردنەکان، بۆ زانینی وەڵامی کەسەکان لە هەردوو تاقیکردنەوەکەدا لە دوو کاتی جیاوازی هەمان هەلومەرجدا، توێژەر تاقیکردنەوەی لەسەر(55) قوتابی ئەنجامدا، جیاوازی کات لە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم ودووەم ماوەی(7) ڕۆژ بوو کە کاتێکی گونجاوە، دوای ڕاستکردنەوە و تۆمارکردنی بڕگەکانی پێوەرەکە، توێژەر هاوکۆلکەی (ئەلفا کرونباخ – Cronbach Alpha)ی بەکارهێنا بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی جێگیری پێوەر، کە لە ئەنجامدا ڕێژەی (0.825) دەرخست کە ئەمەش ڕێژەیەکی جێگیر و بەرز و پەسەند کراوە، بۆیە هەموو پێوەرەکە گونجاو و ئامادەبوو بۆ جێبەجێکردن لەسەر هەردوو کۆمەڵە کە پێکهاتووە .

**7-3: جێبەجێکردنی ئەزموونەکە:**

پاش ئەوەی توێژەر پێداویستیەکانی ئەزموونی ئامادەکرد، لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2021/2/7) دەستی کردووە بە جێبەجێکردنی ڕێکاری توێژینەوەکەی، لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2021/2/13)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە سەرپەرشتی مامۆستای بابەتەکە دەست بە جێبەجێکردنی ئەزموونەکە کرا بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە، بە ڕێژەی (3) وانە لە هەفتەیەك بۆ هەریەك لە کۆمەڵەی توێژینەوەکە، بەمشێوەیە ئەزموونەکە ( 5هەفتە ) ی خایاند بەمەش لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتنی (17 / 3 / 2021 ) ئەزموونەکە کۆتایی هات .

### 3 – 8 : پڕاکتیزەکردنی ئامرازەکانی توێژینەوە و ڕاستکردنەوەیان:

### 3-8-1 : پڕاکتیزەکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

**یەکەم :تاقیکردنەوەی پاشی لە بەدەستهێنانی مەعریفی :**

توێژەر ئەم تاقیکردنەوەی بەسەر هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە یەك کاتدا و لە هۆڵێکی گەورەی قوتابخانە جێبەجێکرد بە ئامادەبوونی مامۆستای بابەت و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2021/3/27 ) .

**دووەم:  تاقیکردنەوەی پاشی بۆ پێوەری گەشەپێدانی ئاراستە:**

توێژەر ئەم پێوەرەی بە یارمەتی مامۆستای بابەت لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (27 / 3 / 2021 ) بەسەر هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە یەك کاتدا، هەروەك پێشتر لەسەر هەردوو کۆمەڵەکە جێبەجێکرابوو لە بەرواری (7 / 2 / 2021 )، بە مەبەستی هاوسەنگی لە نێوان کۆمەڵەکانی توێژینەوە و زانینی ڕادەی گەشە بوون دوای تەواوبوونی ئەزموون .

### 3 – 8 – 2 : ڕاستکردنەوەی ئامرازەکانی توێژینەوە :

**یەکەم : تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی مەعریفی :**

دوای ئەوەی قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە تاقیکردنەوەکەیان ئەنجامدا لە ماوەی (60) خولەك لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (27 / 3 / 2021 )) لە یەك کات و هۆڵێکی گەورەی قوتابخانە، بە یارمەتی توێژەر و مامۆستای بابەت و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، پەڕەی تاقیکردنەوەکە کۆکرایەوە،کرداری ڕاستکردنەوەی وەڵامەکان ئەنجامدرا بە پێی کلیلی ڕاستکردنەوە، بەو پێیەی بەرزترین نمرە (100) نمرەیەو وە نزمترینی (سفر) داندرا، کە ژمارەی تەواوی بڕگەکان (50) بڕگە بوون، بۆ دڵنیابوونیش لە جێگیری بابەتیانە بوونی ڕاستکردنەوەکە توێژەر ڕاستکردنەوەی خۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەڵ ڕاستکردنەوەی مامۆستایەکی تر بەراوردکرد، دواتر داتاکان خرانە ئەو لیستانەی کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکرابوون، بۆ ئەوەی بە پێی ئامارییەکان کاری تێدا بکرێت.

**دووەم : پێوەری گەشە پێدانی ئاراستە:**

توێژەر پێشتر بە مەبەستی زانینی ڕادەی هاوسەنگی کۆمەڵەکان ئەم پێوەرەی ڕاستکردەوە بۆ جێگرەوەکانی (زۆر ڕازیم، ڕازیم، بێ لایەنم، ڕازی نیم، بەهیچ جۆرێ ڕازی نیم) نمرەی ( 1، 2، 3، 4، 5) بۆ هەر برگەیەك لە برگەکانی دانرا، نمرەی قوتابیەکانیش لە نێوان (40- 200) نمرە دەبێت چونکە ژمارەی برگەکان (40) برگەیە .

**3-9: هۆکارە ئامارییە بەکارهاتووەکان**

بۆ جێبەجێکردن و بەدەستهێنانی ئامانج و گریمانەکانی لێکۆڵینەوە، توێژەر ئەم ئامرازانەی ئامادەکردووە:

- لادانی پێوەری .
- ناوەندە ژمێرەیی .
- تاقیکردنەوەی تائی (T.test ) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ .
- تاقیکردنەوەی تائی (T.test ) بۆ دوو نموونەی پەیوەستدار.                .
- چوارگۆشەی کای سکویر ($x^2$ : Chi – Square) .
- هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ (a: AlphaCronbach) .
- هاوکێشەی جی کۆپەر (J. C00per  Formula) .
- هاوکێشەی پەیوەندی پیرسون .
- هەگبەی ئاماری( 26 ) Verson -Spss .

**4 : خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە :**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی کاریگەری ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا بەشێوازی هەرەوەزی لە بەدەستێنانی مەعریفی قوتابیانی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی و گەشەپێدانی ئاراستە لە بابەتی مێژوودا، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە ئەو بەشە خستنەڕوویەکی

ئاشــکراو ڕوون دەگرێتەوە بۆ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و گفتوگۆکردنیان لەســەر گریمانەکانی توێژینەوەکە بۆ هەردوو کۆمەڵەی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو )، لە ڕێگەی ئەو داتایانەی بەدەســتی هێنابوو .

**1-4 : گریمانەی سفری یەکەم**

"جیاوازی بەهاداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێری نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراودا لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی مەعریفیدا".

بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانە، توێژەر ناوەندەژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەی تاقیکردنەوەی بەدەســتهێنانی مەعریفی بۆ قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) لە بابەتی مێژووپۆلی یازدەیەمی وێژەیی دەرهێنا لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تایی ( T.test)، بۆ دوو گرووپی سەربەخۆی ژمارە یەکسان، بڕوانە خشتەی ژمارە (3):

خشتەی ژمارە (3): ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەنمرەی تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی مەعریفی قوتابیانی هەردوو گرووپی(ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەی بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای T.test | | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | ئەگەری (Sig.) | |
| ئەزموونی | 20 | 14.400 | 3.033 | 2.824 | 0.008 | بەهادارە |
| کۆنترۆڵکراو | 20 | 11.800 | 2.783 | | | |

* بەهاداری ئامارییە چونکە 0.05<Sig

لە خشتەکە دەرکەوت کە جیاوازی بەهاداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی بەدەســتهێنان(14.400)، لە کاتێکدا ناوەندە ژمێرەیی نمرەی قوتابیانی کۆمەڵە کۆنترۆڵکراو کە بەشــێوازی ئاســایی (باو) وانەیان پێگوتراوە( 11.800 )بووە. بۆ بەراوردکردنی هەردوو ناوەندی ژمێرەیی نمرەی قوتابیان تاقیکردنەوەی تائی بەکارهاتووە بۆ دوو نموونەی ســەربەخۆ، تێدا بەهای گریمانەکراو( 0.008 )، ئەمەش دەرکەوتووە کە لە ئاســتێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەعنەوی دایە،چونکە بچوکترە لە ڕێژەی هەڵە ( 0.05 )، لێرەدا دەردەکەوێت کەوا ئەو جیاوازی لە نێوان نمرەی قوتابیانی هەردوو گرووپەکە هەیە لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی مەعریفیدا لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی دایە، ئەمەش بەڵگەی کاریگەری ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا بەشێوازی هەرەوەزی ڕووندەکاتەوە کە لەسەر کۆمەڵەی ئەزموونی جێبەجێکراوە، بەم شێوەیە گریمانەی سفری ڕەت دەکرێتەوە گریمانەی جێگرەوەیی پەسەند دەکرێت .

## 2-4: گریمانەی سفری دووەم :

"جیاوازی بەهاداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە گەشە پێدانی ئاراستە لە بابەتی مێژوودا لەنێوان ناوەندەژمێری تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی" .

بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانە توێژەر ناوەندەژمێری پێوەرەکەی لە کۆمەڵەی ئەزموونی بۆ هەردوو تاقیکردنەوەکە دەرهێنا بەجۆرێك لە تاقیکردنەوەی پێشی (124.950) و لە تاقیکردنەوەی پاشی (152.250) بوو لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ( T.test)، بڕوانە خشتەی ژمارە (4) .

خشتەی ژمارە (4): خستنەڕووی ئەنجامی تاقی کردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرەیی پێوەری گەشەپێدانی ئاراستە لە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی

| کۆمەڵەی توێژینەوە | تاقیکردنەوە | ژمارەی بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای T.test | | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | ( ئەگەری (Sig | |
| ئەزموونی | پێشی | 20 | 124.950 | 13.640 | 9.527 | 0.001 | بەهادارە |
| | پاشی | 20 | 152.250 | 7.946 | | | |

* بەهاداری ئامارییە چونکە Sig<0.05.

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی گریمانەی دووەم، توێژەر گریمانەی سفری ڕەتدەکاتەوە و گریمانەی جێگرەوەیی پەسەند دەکات کە بوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لە نێوان هەردوو تاقیکردنەوەکە لە کۆمەڵەی ئەزموونی دەردەخات بۆ بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشی ، لەبەر ئەوەی ئەم ستراتیژیەتە یارمەتی زۆری قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونیدا بۆ گەشەکردنی ئاراستەیان بە بابەتەکانی خوێندن لە

ڕێی وانە ئەرێنییەکان کە ئەنجامدراون بە بەکارهێنانی ســتراتیژیەتی فێرکردنی کارا بەشــێوازی هەرەوەزی، هەروەها کارکردنی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی پێکەوە لە کۆمەڵەی بچووک بچووکدا بەشــداری لە زیادبوونی ئاراســتەی فێربوون لای قوتابیان دەکات و بایەخدانیان بە بەشــداریکردنی ئەرێنیی لە کارەکەدا زیاتر دەکات.

### 3-4: گریمانەی سفری سێیەم :

"جیاوازی بەهاداری ئاماری نییە لە ئاســتی (0.05) لە گەشــە پێدانی ئاراســتە لە بابەتی مێژوودا لەنێوان ناوەندەژمێری تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو" .

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر ناوەندەژمێری پێوەری گەشە پێدانی ئاراستەی لە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی بۆ ئەم کۆمەڵەیەش دەرهێنا، بەجۆرێك لە تاقیکردنەوەی پێشی (129.050) و لە تاقیکردنەوەی پاشی (135.000) بوو لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ( T.test)، بڕوانە خشتەی ژمارە(5):

خشتەی ژمارە (5): خستنەڕووی ئەنجامی تاقی کردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرەیی پێوەری گەشەپێدانی ئاراستە لە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو

| کۆمەڵەی توێژینەوە | تاقیکردنەوە | ژمارەی بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای T.test | | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | ( ئەگەری .Sig) | |
| کۆنترۆڵکراو | پێشی | 20 | 129.050 | 11.910 | 1.978 | 0.063 | بێ بەهایە |
| | پاشی | 20 | 135.000 | 15.465 | | | |

* بێ بەهایە چونکە 0.05<Sig.

لەژێر ڕۆشــنایی ئەنجامەکانی گریمانەی ســێیەم، توێژەر پەســەندی گریمانەی ســفری دەکات بەهۆی ئەوەی جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نیە لە نێوان هەردوو تاقیکردنەوەکە لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ، کە ئەمەش بەڵگەیە لەســەر ئەوەی کە ڕێگـای پەیڕەوکراو کـاریگەرییەکی ئەوتۆی نیە لەســەر گەشەپێدانی ئاراستەی قوتابیان لە بابەتی مێژوودا .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 4-4: گریمانەی سفری چوارەم :

"نەبوونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لە ئاستی ( 0.05 ) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵراو لە تاقیکردنەوەی پاشی بۆ گەشە پێدانی پاڵنەری ئاراستە لە بابەتی مێژوودا".

توێژەر بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانە ناوەندەژمێری پێوەری گەشە پێدانی ئاراستەی لە تاقیکردنەوەی پاشی بۆ هەردوو گروپ دەرهێنا کە گروپی ئەزموونی (152.250) و گروپی کۆنترۆڵکراو (135.000)لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تایی( T.test)، بڕوانە خشتەی ژمارە (6):

خشتەی (6): ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی لە نێوان هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشی بۆ پێوەری گەشە پێدانی ئاراستە

| کۆمەڵەکانی توێژینەوە | ژمارەی بژارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای T.test هەژمارکراو | بەهای T.test ( ئەگەری Sig.) | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 20 | 152.250 | 7.946 | 4.437 | 0.001 | بەهادارە |
| کۆنترۆڵکراو | 20 | 135.000 | 15.465 | | | |

* بەهاداری ئامارییە چونکە 0.05<Sig.

لە خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت کە جیاوازی بەهاداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندەژمێری گروپی ئەزموونی (152.250) و گروپی کۆنترۆڵکراو (135.000)، چونکە بەهای چاوەڕوانکراو (0.001) بچوکترە لەڕێژەی هەڵە لەسەر ئاستی (0.05)، ئەمەش مانای ئەوەیە بەهادارە لەبەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونی، واتە ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا کاریگەری هەیە لەگەشە پیدانی ئاراستە لە تاقیکردنەوەی پاشی لای قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 5 : دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان :

### 1-5 : دەرئەنجامەکان :

لە پاش ئەنجامدانی چارەســەری ئاماری و شــیکردنەوەی داتاکان، وە لەژێر ڕۆشــنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە :

1- بەکارهێنانی شــێوازەکانی وانەوتنەوەی ســتراتیژیەتی فێرکردنی کارا بەشــێوازی هەرەوەزی لە گەشەپێدانی ئاراستە بەرەو بابەتی مێژوو ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە، وا لە قوتابیان دەکات زیاتر کارا بن و ببنە تەوەری سەرەکی وانەکە بە بەراورد بە ڕێگەی ئاسایی بەکارهاتوو لە گوتنەوەی بابەتەکە .

2- بەکارهێنانی ستراتیییژیەتی فێرکردنی کارا بەشێوازی هەرەوەزی لە وانە گوتنەوەی بابەتی مێژوودا بۆ قوتابیانی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی کاریگەری کاراو و بەرچاوی هەیە لە بەدەســتهێنانی مەعریفی قوتابییەکان بەراورد بە ڕێگەی ئاسایی .

3- گەشــە پێدانی ئاراســتەی قوتابیان و کارا بوونیان لە بابەتی مێژوو، لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا بەشێوازی هەرەوەزی .

4- هەرچەندە وتنەوەی بابەتی مێژوو بۆ قوتابیانی یازدەیەمی وێژەیی بەرێگای ئاســایی بەکارهاتوو لەگوتنەوەیدا، تاڕادەیەك گەشــەی بە ئاراســتەی قوتابیان بەرەو بابەتی مێژوو داوە، بەڵام ئاســتی گەشـەکردنەوکە بەبەراورد لەگەڵ ئاستی گەشـەپێدانی بەدەستهاتوو لە ئەنجامی گوتنەوەی بابەتەکە بەپێی فێربوونی کارا بەشێوازی هەرەوەزی زۆر کەمترە .

### 2-5 : ڕاسپاردەکان :

لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکان ، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە پێشکەش دەکات :

1- پێویستە ئەو مامۆستایانەی وانەی مێژووی پۆلی یازدەیەمی وێژەیی دەڵێنەوە ڕابهێنرێن لە سەر ستراتیییژیەتی فێرکردنی کارا بەشێوازی هەرەوەزی لە ڕێگەی خولی شیاندنەوە .

2- پێویســتی جێبەجێکردنی شــێوازی زانســتی ڕاســت بۆ تاقیکردنەوەی شــێوازەکانی وانە وتنەوەی گونجاو و هەڵبژاردنی هۆکار و ئامرازەکانی فێرکاری پێویست لەگەڵیدا .

3- فەراهەمکردنی ئەو ئاسانکارییانەی کە پێویستە لە قوتابخانەکاندا هەبن کە پێویستن بۆ جێبەجێکردنی فێرکردنی کارا بەشێوازی هەرەوەزی، وەکو فراوانی ژووری پۆلەکان و بەکارهێنانی مێزو کورسیە جوڵاوەکان .

4- هەوڵبدرێت بۆ هاندانی مامۆستایانی بابەتی مێژوو لە گرتنەبەری شێوازی وانەوتنەوەی تردا، دوورکەوتنەوە یاخود شانبەشانی شێوازی ئاسایی پەیرەوکراو.

5-کارکردنی مامۆستایان بۆ گەشەپێدانی ئاراستەی قوتابی بۆ بابەتی مێژوو، ئەویش لە رێگای پەیڕەوکردنی ئەو ستراتیژیەتە، کە جەخت لەسەر بەشداریکردنی چالاکانەی قوتابی لە کردارەکانی فێربووندا .

## سەرچاوەکان

**یەکەم : سەرچاوە کوردیەکان :**

1- ئەحمەد ، شێرزاد علی (2016)، کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژییەتی هەژاندنی هزری لە بەدەستهێنانی دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی پاڵنەری زانیاری لە وانەگوتنەوەی بابەتی مێژوودا، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)،کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

2- دەروێش ، چیمەن هەمزە (2015) ، کاریگەری بەکارهێنانی شێوازی فێربوونی هەرەوەزی لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە بابەتی کوردی و گەشەپێدانی مەیلی ئەدەبی و نەریتەکانی عەقڵییاندا ، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە) کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر ، هەرێمی کوردستان – عێراق .

3- سعید، جوان احمد حمد (2014)، کاریگەری ستراتیژیەتی (لەهەرچوار لاوە) بۆ فێربوونی چالا لە دەستکەوتن و پەرەپێدانی ئاراستەکردنی بابەتی ئەدەب لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

4- عومەر، سەروەر عەبدولڕەحمان ( 2019 )، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی – هەرێمی کوردستان .

5- قاضی، ئەژین حمە(2016)، کاریگەری سیستەمە هێلکارییە مەعریفییەکان بە ستراتیژی (T.P.S) لەسەر دەستکەوت و پاڵنەری بەدەستهێنان لای خوێندکارانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، فاکەڵتەتی پەروەردەی وەرزش و بنەڕەتی، سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6- قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین(2018) ، ڕێگاکانی وانە وتنەوە(شێوازە تێوری و پراکتیکییەکان) ،چاپی دووەم.
7- قەرەچەتانی، کەریم شەریف(2018)، پێوانەو هەڵسەنگاندن(لە بواری پەروەردەو دەروونزانی)،چاپخانەی زبانی صلح - تەهران-ئێران، سلێمانی.
8- کریم، ئالان پشتیوان (2014)، بەکارهێنانی کارامەییەکانی دەربڕیتی زارەکی بە پێی شێوازی فێربوونی هەرەوەزی و کاریگەرییەکەی لەسەر بەدەستهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی نووسراو و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، هەولێر-هەرێمی کوردستانی عێراق.

**دووەم : سەرچاوە عەرەبیەکان :**

9- احمد ، صفاء محمد علي (2008) ، رؤى معاصرة في تدريس الدراسات الاجتماعية ، ط1 ، دار الميسرة ، عمان – الاردن .
10- امبو سعيدي ، عبدالله بن خميس , وهدى بنت علي الحوسينية (2015) ، استراتيجيات التعلم النشط ، دار الميسرة ،عمان .
11- امبو سعيدى، عبدالله‌بن خميس، و عزه البريديه، هدى الحوسنيه (2019)، استراتيجيات المعلم الفعال (200 فكره تدريسيه مع الامپله التطبيقية)،ط1،عمان – دارالميسرللنشر والتوزيع .
12- أبودية ،عدنان احمد(2011)،اساليب معاصرة في تدريس الاجتماعيات ،ط1، جامعة النجاح ، دار اسامةللنشر والتوزيع ، عمان- الاردن .
13- ابو جادو , صالح محمد علي (2006) ، سيكوليجية التنشئة الإجتماعية،ط5,دار الميسرة للنشر والتوزيع، عمان – الاردن .
14- جونسون ،ديفيد وأخرون(1995)، التعلم التعاوني، ترجمة مدارس الظهران الأهلية،دار التركي، المملكة العربية السعودية.
15- الجساسي ، عبدالله حمد محمد (2010) ، اثر الحوافر المادية والمعنوية في تحسين اداء العاملين في وزارة التربية والتعليم سلطنة عمان ، الاكاديمية العربية البريطانية للتعليم الحالي .www.abahe.co.uk
16- رضوان، محمد نصرالدين(2006) ، المدخل الى القياس فى التربيه البدنيه والرياضيه، ط1، القاهره، مركز الكتاب للنشر.
17- الربيحي ، محمود داود (2011) ، استراتراتيجيات التعلم التعاوني ، الطبعة الأولى ، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع ، إربد – الأردن .
18- زيتون، عايش محمود(2007) ، النظريه البنائيه واستراتيجيات تدريس العلوم، دار الشروق، عمان.
19- شاهين، عبدالحميد حسن عبدالحميد ( 2011 )، استراتيجيات التدريس المتقدمه واستراتيجيات التعلم وانمات التعلم، كليه التربيه بدمنهور، جامعه الإسكندريه .
20- صابر،تانيا نورالدين (2019)،تأثير استخدام استراتيجي التعلم التوليدي والتعلم البنائي في اكتساب تحصيل مادة التاريخ لطالبات الصف الحادي العشر الإعدادي وتنمية أساليب التعلم لديهن بمدينةأربيل،كلية التربية شقلاوة.
21- عباس ، زيدعلوان(2016) ، أثر استراتيجيات التعلم الفعال في التحصيل والتفكير الناقد لدى طلاب الصف الثاني المتوسط في مادة التاريخ العربي الاسلامي ، رسالة ماجستر (منشورة ) ، كلية التربية، جامعة القادسية .
22-عبدالله ، سامان احمد(2014) ، استخدام المجعات التعليمية في تعليم الجغرافية وأثرها في التحصيل والاتجاه نحوها ، رسالة ماجستير(غير منشورة) ، جامعة صلاح الدين ، كلية التربية الاساسية ، أربيل – اقليم كوردستان – عيراق .

23- عبدالمقصود ، محمد إسماعيل(2001) ،تدريس الدراسات الاجتماعية تخطيطة وتنفيذه وتقويم عائده التعليمي،ط1 ،مكتبة الفلاح،العين – الامارات .
24- العزاوى ، رحيم يونس كرو(2008)، القياس والتقويم فى العمليه التدريسيه، ط1، عمان الأردن ، دار دجلهناشرون و موزعون.
25- مصطفى ، عفاف عثمان عثمان (2014) ، استراتيجيات التدريس الفعال ، ط1، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر .
26- مصطفى، فرهاد خالد ( 2014 )، فاعليه خطه كيلر فى التحصيل المعريفى لمواد الاجتماعيات – التاريخ و تنميه الدافعه لدى طالبات الصف الثامن الاساسى، رساله ماجستير ( غير منشوره )، جامعه صلاح الدين، كليه التربيه الاساسيه، أربيل – اقليم كوردستان – عيراق .
27- ملحم،سامى محمد(2002)، مناهج البحث فى التربيه وعلم النفس، عمان ، الأردن، دار الميسره للنشر والتوزيع.
28- ملحم ،سامى محمد(2005) ،القياس والتقويم فى التربيه وعلم النفس، الطبعه الثانيه، دار الميسره للنشر والتوزيع، عمان- الأردن.
29- وولفولك ، انيتا ( 2015 )، علم النفس التربوى، ترجمه (صلاح الدين محمود علام )، دار الفكر ناشرون و موزوعون، عمان .

**سێيەم : سەرچاوە بیانیەکان :**

30- Adams, David J (2011),Effective Leaving Life Sciences , Wiley ,Noida(India).
31- Rudasill,S.(2011) ,Instruction At Fsu ,7 Editon ,Office Of Distance Learning, Florida (U.S.A).

# The Impact of Using Active Teaching Strategies Collaboratively on the 11th-Grade Students' Achievement of the and Developing Trends in History Subject

**Zhian Ismael Saeed**
Department of Social science ,College of Basic Education ,Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
zheanesmael88@gmail.com

**Prof. Dr. Hussen Saadi Ibrahim**
Department of Single Games, College of Physical Education and Sport Sciences, Salahaddin University ,Erbil, Kurdistan Region ,Iraq
hussein.ibrahim@su.edu.krd

**Asst. Prof. Dr. Ahmed Hamadamen Omar**
Department of Social Science , College of Basic Education , Salahaddin University ,Erbil Kurdistan Region, Iraq

ahmad.ameen@su.edu.krd

**Keywords**: *Strstegy, Effective Instruction, Cooperative style, Cognitive Achievement, Attitude, History.*

## Abstract

The active teaching strategies in collaborative way is considered as one of the modern strategies that deals with changing teaching methods in the classroom.
The research aims at the following:
1-Identifying the effect of active teaching strategies in collaborative way on the 11th grade students' achievement in history subject.
2- Identifying the effect of active teaching strategies in collaborative way in developing the trend of the 11th grade students towards history subject
The researcher used an experimental research design for two balanced sample groups of students, control and experimental. The experimental group was taught based on the active learning strategy in collaborative way, whereas the controlled one was taught by the traditional teaching method.
Two research tools have been used:
First: An achievement test of 44 various items covering the six cognitive domains of remembering, understanding, applying, analyzing, synthesizing and evaluation.
Second: the trend development test of 40 items.
The researcher checked the validity and reliability of both tests and they were found appropriate for use. After the data analysis with the use of SPPS-Version21 software, the researcher concluded the following:
1-There is a statistically significant difference at the level of (0.05) between the mean of the experimental group of students and the controlled group in cognitive achievement of history in favor of the experimental group.
2- There is a statistically significant difference at the level of (0.05) between the mean of the experimental group of students and the controlled group in the trend development towards history in favor of the experimental group.
The researcher has come to the following conclusions:

1. Using active teaching strategy in cooperative way in trend developing towards history has a significant role in that it helps the students become more active and center of learning compared to the traditional method.
2. Using active teaching strategy in cooperative way in teaching history to the eleventh graders has an effective and significant role on the cognitive achievement compared to the traditional teaching method.

## الملخص

استراتيجية التعليم الفعال بأسلوب التعلم التعاوني واحدة من الاستراتيجيات الحديثة من حيث انها تعطي أهمية في تغير أسلوب التدريس داخل الصف.
تتكون اهداف البحث على ما يلي: -
1- الكشف عن تأثير استراتيجية التعليم الفعال بأسلوب التعلم التعاوني في التحصيل المعرفي لدى طالبات الصف الحادي العشر الأدبي في مادة التاريخ.
2- الكشف عن تأثير استراتيجية التعليم الفعال بأسلوب التعلم التعاوني في تنمية الاتجاه لدى طالبات الصف الحادي العشر الأدبي في مادة التاريخ.
استخدمت الباحثة التصميم التجريبي المكونة من مجموعتين (التجريبية-والضابطة) ، حيث تم تدريس المجموعة التجريبية المستخدمة (استراتيجية التعليم الفعال بأسلوب التعلم التعاوني) والمجموعة الضابطة المستخدمة (أسلوب التعلم المتبع) .
تم استخدام الأداة الاتية:
الأول: اختبار التحصيل المعرفي المكونة من (44) فقرة موزعة على ست مجالات (الفهم ، المعرفة، التطبيق، التحليل، التركيب، التقويم)
الثاني: مقياس تنمية الاتجاه مكونة من (40) فقرة، والباحثة استخرجه معامل الثبات لكلا المقياسين، وبعد تحليل النتائج باستخدام برنامج احصائي (SPPS–Version21)، توصلت الباحثة الى النتائج الاتية: -
1- وجود فروق ذات دلالة معنوية عند نسبة الخطاء (0.05) بين متوسط الحسابي لدى طالبات المجموعة التجريبية المستخدمة (استراتيجية التعليم الفعال بأسلوب التعلم التعاوني) والمجموعة الضابطة المستخدمة (أسلوب التعلم المتبع) في التحصيل المعرفي لمادة التاريخ ولصالح المجموعة التجريبية.
2- وجود فروق ذات دلالة معنوية عند نسبة الخطاء (0.05) بين متوسط الحسابي لدى طالبات المجموعة التجريبية المستخدمة (استراتيجية التعليم الفعال بأسلوب التعلم التعاوني) والمجموعة الضابطة المستخدمة (أسلوب التعلم المتبع) في تنمية الاتجاه لمادة التاريخ ولصالح المجموعة التجريبية.